# پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە



چیرۆکی:مەهدی رەزایی

لە فارسییەوە: خالید فاتیحی

پێشکەشە بە:
عەلی دێهباشی

دووەم

لە ناوەڕاستی مەیدان. بەپێوە، ماندوو بێجووڵە. با، کزەی بارانی پایزی لەسەر بەردچنەکان کۆدەکاتەوە، دەیهێنێ و دەیخزێنێتە ناو پاڵتۆکەم. تەواوی ئێسقانەکانم دەلەرزن. ئیدی شتێک بێجگە لە ئێسقانەکانم نەماوەتەوە، سەرما بیانتەزێنێت و بە چاوێک بتوانم دنیای دەورووبەرم ببینم.

چەند منداڵێک بەغاردان لە دوورەوە دێن، بەخۆشی و هاوارکێشانەوە. کەمێک سەرم بەرزدەکەمەوە. دەم و چاوم لەژێر کڵاوە گەڕگەڕییە خۆڵەمێشیەکە دەردەکەوێ. کە لێم نزیکدەبنەوە، هەنگاوەکانیان شلدەکەنەوە و یەکێکیان دەڵێت» منداڵینە، پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە، پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە!"

"نەبابە، پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە نییە."

"بەخوا، بۆخۆیەتی، تەماشای بکەن. بۆخۆیەتی."

منداڵێکی دیکە تفی دەمی قوتدەداتەوە و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت»لێرە چی دەوێت؟»

"نازانم. حەتمەن بەدوای خواردندا دەگەڕێت. خواردنی بدەینێ؟"

"نا. نا. دایکم دەڵێت هەر کەسێک لە پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە نزیک بکەوێتەوە، وەکو ئەوی لێدێت. زووکەن با ڕاکەین." هەروا کە سەرنجمدەدەن، بە ڕاکردن دووردەکەونەوەو چەند هەنگاوێک کە دووردەکەونەوە، بە هەناسەبڕکێوە ئاوڕدەدەنەوە، کە نەبادا دوایان کەوتبم.

سەرنجدەدەمە ئەو ڕستەیە "هەر کەسێک لە پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە نزیک بکەوێتەوە، وەکو ئەوی لێدێت."

با لە پێڵوی چاوەکەی دایکەمەوە ڕێک دێت و دەچێتە ناو کاسەی سەرم. ساردیەکەی دەیبردمەوە بۆ ئەو شەوەی، کاتێک هاوسەرەکەم دەرگای ماڵێی لێکردمەوەو بە سەرسووڕمان و شڵەژانەوە پرسی "ئەوە دەستت چی لێهاتووە؟"

ئەوکاتە بوو کە تێگەیشتم دەستی ڕاستم پێوە نەماوەو ئەوەندەی بیرمکردەوە بیرم نەهاتەوە. هاوسەرەکەم کە بەرگەی ئەوەی نەدەگرت، نیوەشەوێ خۆی پێچایەوەو چووە قاوەخانەی مەیدانەکە. دەستی ڕاستمی بە جێگای دەستی پیاوێکی یەکدەستی شارەوە دیت، کە ئێستا دوو دەستی هەبوون و ببووە قاوەچی مەیدانی شار. دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر، کابرا پێیوتبوو، کە من بە ئارەزووی خۆم دەستی خۆم داوەتێ، تا بتوانێ کاربکاو نان بۆ ژن و منداڵەکانی پەیدابکات.

هاوسەرەکەم ئەو شەوە لە هەموو شەوان میهرەبانتر بوو. هەرچەندە دەکرا ڕقەکەی لە قووڵایی نیگاکانیدا بخوێنیەوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژ زیاتر نەیتوانی تەحەمولم بکات، کاتێک بە ڕوخسارێکی ئێسک و پروسک و بێ پێست هاتمەوە ماڵێ. دەستێکی بە سەر ئێسکەکانی دەم و چاومدا هێناو دیسان وەبیرم نەهاتەوەو کە پێستی ڕوخسارم چ لێکردووە. هاوسەرەکەم دیسان خۆی پێچایەوەو دوای گەڕان و سوڕانێک بە مەیدانی شاردا، پێستەکەمی بە ڕوخساری کچێکەوە دیتبوو. پێیوابوو کە خیانەتم لێکردووە، چووبووەلای کچەو پێستەکەی لەڕوخساری داماڵیبوو، پاشان زانیبووی کە پێستی ڕوخساری کچە سووتاوە. کیژە وتبووی کە هاوسەرەکەت بە ئارەزووی خۆی ئەو کارەی کردووە، تا پیاوێک عاشقم بێ و بتوانم بژیم. هەموو ئەوانەم لە هاوسەرەکەم بیستنەوەو ئەسڵەن ئەو باسانەی کە دەیکردن، لەبیرم نەماون. ڕۆژێکی دیکە کە هاتمەوەماڵێ دووبارە خێزانم خۆی پێچایەوەو ئەو جارەیان

بێ ئەوەی قسەیەک بکات، جانتاکەی دەستدایەو کاتێک دەیویست لەماڵ بچێتەدەر، پێشم لێگرت و وتم: "بۆچی؟"

بردمیە بەر ئاوێنە. خۆمم بینی کە هیچ گۆشتێک بە لەشمەوە نەماوەو هەتا لەبیرم نەمابوو، کە چیم بەسەرهاتووە. نیگەران لەو هەموو شتانە بەرم لە هاوسەرەکەم گرت و وتم: "چما نەتدەوت کە ئاکارو ڕەفتار لە ڕوخسار باشترە؟ من هێشتا ئاکارو ڕەفتارم لە دەستنەداوە، من هێشتا هەمان پیاوە باشەکەم. وانییە؟"

بزەیەکی تاڵ لەسەر ڕوخسارە ساردوسڕەکەی نیشت و وتی: "ئەمڕۆ بڕوام گۆڕاوەو دەڵێم ئەوەندەی ئاکارو ڕەفتار گرنگن، ڕوخساریش گرنگە. ئەو کەسەی کە ئاکارو ڕوخساری پێ لەیەک باشترە گەمژەیە... گەمژەیەکیش فەرقی نییە، کە کامەیانی پێ لە کامەیان باشترە."

ڕۆیشت و ئیدی نەهاتەوە. دوای ئەوە چیرۆکەکانم بەناوی پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە بەشاردا بڵاوبۆوە، کە هەرجارەو بەشێک لە لەشم داوەتە کەسێک، بەڵام من هیچم نایەتەوە یاد.

ڕۆژێک لەبەردەرگای قاوەخانەی مەیدان گوێم هەڵخستبوو، بیستم کەمن ڕۆژێک بۆ تێرکردنی سەگ و پشیلەکان، لە ناوەڕاستی مەیدان ڕووتبوومەتەوەو ڕێگامداوە، کە گۆشتی لەشم پارچەپارچە لێبکەنەوەو بیخۆن، تا زیندوو بمێننن، دیسانیش هیچ وەبیرم نایەتەوەو ئەوەش خەڵکی شاری لەوپەڕی بەخشندەیی منی دەزانن، کە دەبەخشم و وەبیرم نایەتەوە. ئێستاش هیچ شتێکم نییە، جگە لەو ئێسقانانە نەبێ.

هێشتا هەر لە ناوەڕاستی مەیدانم. بەپێوە، ماندوو ، بێجووڵە. ڕەشاییەک لەلایەکەوە دێ و ڕووناکایی لەلایەکی دیکەوە دەکوژێتەوە. بەرەولای قاوەخانەی مەیدانی شار هەنگاو دەنێم. لە وێک کەوتنی ئێسقانەکانی لاقم بە سەر بەردچنەکانی شەقامەکە، وەکو خرمەی سمی ئەسپ دێتە بەرگوێ. دەوری تەواوی مێزەکان قەرەباڵغن و هەمووپێکەوە سەرگەرمی قسەکردنن. مەی دەخۆنەوە. پێدەکەنن. جگەرە دەکێشن. قسەدەکەن. گاڵتەوگەپ دەکەن. ئامادەبوان کە دەمبینن، بێدەنگی هێدی هێدی بە قاوەخانەکەدا بڵاودەبێتەوەو ئێستا هەموویان تەماشامدەکەن. لەبەرخۆمەوە دەڵێم"تۆ کە لەشار بەناوبانگ بووی، دەی بجووڵێ و داوای شتێک بکە."

کڵاوە گەرگەرپیەکەم لەسەر سەرم هەڵدەگرم. دەچمەلای مێزێک و لەپی دەستم بەسەر کاسەی سەرمدا دێنم و دەڵێم: "سڵاو هاوڕێیان. ئێوە پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە دەناسن؟"

چاوەڕوانم کە هەموو بەیەک دەنگ بڵێن بەڵێ، چ چاوەڕوانییەکی بێهوودە، کاتێک تەنیا نیگا ساردەکانیان لێدەبینم.

درێژەی پێدەدەم "هەمووتان چیرۆکی پیاوە ئێسکەپەیکەرەکەتان بیستووە. دڵنیام، یان ڕەنگە بتانەوێ جارێکی دیکەش بۆتان باسبکەم."

نیگاکانی مات و بێدەنگ، تەنیا شتێکن کە دەتوانم وەسفیانبکەم.

"دەی باشە. بۆتان باسدەکەم، یەکێ بوو یەکێ نەبوو. پیاوێک هەبوو کە هەمووشتێکی هەبوو، ژن، ژیان، بەژن و باڵایەکی جوان، ڕوخسارێکی جوان. لەزەمانێکەوە دەستپێکرد ئەوەی هەیبوو بەرەبەرە هەمووی دا بەخەڵکی، تا ئەوەی ژنەکەی بەجێیهێشت. کارەکەشی هەر لەدەستدا. ئەو ئێستا هیچی نەماوە لەدەستییدات، بەڵام دەزانم زۆر ڕۆژان پێویستی بە ئێمەومانان دەبێ. یارمەتی دەوێ، بەڵام هیچ ناڵێ. غرووریەکەی ڕێگەی نادا، داوا لەکەس




بکات. بەڕای ئێوە نابێ مرۆڤ بێن و یارمەتی بدەین؟ ئەوەندە مرۆڤ و بەخشندەبوو، کە ئەوەی بەخشیویەتی لەبیری نییە، بەڵام خۆ ئێوە لەبیرتانە. ناتانەوێ کارێک بکەن؟"

بێدەنگی هەروا باڵی بەسەر قاوەخانەکەدا کێشابوو. دەتوت هیچ شتێک ناتوانێ ئەو بێدەنگیە بشکێنێ. بێدەنگیەک تۆزقاڵا تۆزقاڵا وجودمی وەکو خۆرکە دەخوارد. بزەیەکم کرد و دەڵێم: "زۆرسوپاس کە گوێتان لەقسەکانم گرت."

بەڵام نا، چوونە سەرمێزو ئەو قسانەم بێجگە لەخەیاڵاتم شتێکی تر نییە. من لەپشت پێشخانەی قاوەخانەکە وەستاوم و قاوەچی پەنجەکانی دەنووشتێنێتەوەو ئانیشک لەسەر مێزەکە دەداتەوە و دەڵێ: "شتێکت دەویست؟"

تەماشایدەکەم. تاقە فلسی ناو پاڵتۆ خۆڵەمێشیەکەم لەسەر پێشخانەکە دادەنێم و دەڵێم: "ساردییەک، زەحمەت نەبێ."

قاوەچی بزەیەکی کردو دەڵێت: "لە کەیەوە ساردیت نەخواردۆتەوە بەدبەخت؟ بەوەندە پارەیە، ئاوی خواردنەوەشت نادەنێ."

هەستدەکەم یەکێک لە پشتەوە پاڵتۆکەم ڕادەکێشێ. دەسوڕێمەوەو کیژۆڵەیەک دەبینم کە دەپاڕێتەوە: "کاکە، توخوا یارمەتیی..."

ڕوخسارە ئێسقانیەکەم دەبینێ، پاشماوەی قسەکەی قووتدەداتەوە. دەتوت لە شوێنی خۆی وشکبووەو ناجوڵێ. سکەکە لەسەر پێشخانەکە هەڵدەگرمەوەو بۆلای کچەی ڕادەدێرم. دەترسێ لەوەی وەریبگرێ. پارەکەی لە ناودەستی داوێم. پەنجەکانی دەنووشتێنێتەوە. نازانم لەترسانە یان لە نیازیەتی.

لە قاوەخانەکە دێمەدەرو دیسان لە ناوەڕاستی مەیدانی شار ڕادەوەستم. قروسکە قروسکی سەگ و میاوەمیاوی پشیلان دێ. تاکە شتێک کە هەمبێ، کلاوێکی گەڕگەڕی و پاڵتۆیەک و چاوێک. پیاوێکی کوێر کە کاسەیەکی بەدەستەوەیە، لە دوورەوەدێت. لە حاڵێکدا کە

دەستێکی لە بن هەنگڵی ناوەو سەری شۆڕکردۆتەوە، بە کۆمەکۆم دێت، بەڵکو کەمتر سەرما کاریلێبکات. کە دەگاتە نزیکم دەڵێی هەستم پێدەکات. کاسەکەی بەرەولام ڕادەدێرێ. ددانەکانی لەسەرمان چۆقەچۆقیانە. پاڵتۆکەم لەبەرم دادەنێم و لەبەرئەوی دەکەم.

نیگەرانە لەوەی کە کەسێک بم ئازاری بدەم. دوای ئەوەی هەست بە گەرمای پاڵتۆکە دەکات، هێمنتر دەبێتەوە. بزەیەکی دێتێ. ئیدی هەمووشتێک لەلای من تەواوبووە. لەو خەڵکە بێزارو ماندوو بووم. تاقە چاوەکەم دەردێنم و بەکوێرە کوێرە لە ڕوخساری پیاوە کوێرەکە دەگەڕێم و چاوەکەم لە کاسەسەری چاوەکانی دادەنێم. ئێستا من تەنیا یەک چڵە ئێسقانم و کڵاوێکی گەرگەڕیم لەسەرەو هیچی دی.

هێشتا هەر بای دێت و بەناو پەراسوەکانمدا ڕەتدەبێ و دەڕوات. حەپەو میاوی سەگ و پشیلان نزیکتر دەبنەوە. چەندە دەنگیان لەو بێدەنگیەی مەیدانی شار لەلای من دڵگیرترە. وا هەستدەکەم ئێستا سەگ و پشیلە مەیدانیان پڕکردووەو هەر هەموویان تەماشامدەکەن. هەندێکیان دەقرووسکێنن، دەڵێی بەزەییان پێمدادێتەوە. ڕەنگە بەپێچەوانەی خەڵکی، ئەوانە باشترم بناسن.

ئیدی وزەیەک لە لەشمدا نەماوەو ناشم هەوێ هەمبێ. هەستدەکەم سەگ و پشیلەکان دەوریان داوم. کزەبای ساردی پایزی ئەوجارە توندتر لەپێشێ، دەڵێی سەرمای تەواوی بەردچنەکانی شاری یەکجێ کۆکردۆتەوەو دێت و لە ئێسقانەکانمی دەکوتێ. لە لەحزەیەکدا تەواوی ئێسقانەکانی لەشم هەڵدەوەرن و لە مەیدانی شار بڵاودەبنەوە. کاسەی سەرم بەردەبێتەوەو کڵاوە گەرگەڕیەکەم هەروا لەسەریەتی. خۆشحاڵم لەوەی کە بەمەرگم شتێک بە سەگ و پشیلەکان دەگات. ئێستا ڕوحێکم کە دەبینم و دەبیستم و ئیدی سەرما ئازارم نادات. هەست بە ئازادی دەکەم. هەست بە ڕزگاری. سەگ و پشیلەکان هەریەکەو پارچە ئێسقانێکم تاو دەداتێ، بەڵام هیچیان نای لێسنەوە. ئێستا دەبوو ئێسقانەکانم بلێسنەوەو چێژی لێوەربگرن، بەڵام ئەو کارەی ناکەن.

خرمەی وردبوونی ئێسقانەکانم، ئەو کەسانەی لە قاوەخانەکەن دێنێتەدەرێ. تەماشای جووڵەی سەگ و پشیلەکان دەکەن. یەکێکیان دەڵێت» ئێمە لەوانە کەمتر نین. وەرن با بۆ کابرای ئێسکە پەیکەرەکە کارێک بکەین»

ئێسقانەکانم لەسەر یەک دادەنێنەوەو دووبارەنمای پەیکەرەکەم، نەک وەکو پێشێ، بەڵام لەشێوەی ئەو هەڵدەچننەوە.

یەکێک دەڵێت»ئاوا باش نییە. دەبێ کەمێک ڕەنگ و ڕووی بدەینێ» بەهەویر بۆشایی ناو ئێسقانەکانم پڕدەکەنەوە. ئەوەندەی پڕدەکەن، کە شێوەی پیاوێکی ورگنم لێدێ. هەر کەسەو جلکێک دادەنێ. یەکێک کراس. یەکێک کوت. یەکێک پاڵتۆ. یەکێک بۆینباخ.

ئێستا پەیکەرەکەم جلکێکی تەواو و جوانی لەبەردایە.

یەکێک دەڵێت»وەرن با ناوی مەیدانەکە بنێین، مەیدانی پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە. چۆنە؟»

هەموو دەیکەنە هەرا.

قاوەچی دەڵێت»بەیادی پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە هەمووتان ساردی بخۆنەوە میوانی منن.»

دیسان هەموو دەیکەنەوە بە هەراو دەچنەوە قاوەخانەکە.

***

بەیانی ڕۆژی مردنمە. خەڵکی پەیکەرەکەم لە ناوەڕاستی مەیدانی شار دەبینن، لەگەڵ تابلۆی مەیدانی پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە.

هەموو دەڵێن» پەیکەرێکی چەند جوانە.“ هەندێک لە منداڵەکان لە گەورەکان دەپرسن» ناوی مەیدانەکە پیاوە ئێسکە پەیکەرە، بەڵام بۆچی پەیکەرەکە ئەوەندە بەخۆوەیە!“ کەس وەڵامناداتەوە. نازانم، ڕەنگە کەسیش لەبیری نەبێ، کە پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە کێ بووە.

گەنجێک کە جانتایەکی بەشانیەوە بوو، کامێرایەکیشی بە ملیدا هەڵواسیوە، لە مەیدانەکە نزیک دەبێتەوە. تەماشایەکی پەیکەرەکەی ناوەڕاستی مەیدانەکە دەکات و چاوێکیش لەخەڵکەکە. دەچێتەلای پیاوێک کە چاوێکی کوێرەو پاڵتۆیەکی لەبەردایە. دەڵێت»کاکە ببوورە، من توێژەرم. دەمەوێ دەربارەی پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە زانیاری کۆبکەمەوە.“

کابرا بۆڵەبۆڵێک دەکات و دەڵێت»دەربارەی پیاوە ئێسکە پەیکەرەکە؟“

”بەڵێ. تۆ پیاوە ئێسکە پەیکەرەکەت دەناسی؟“

کابرا دەستێکی لەسەر چاوی دادەنێ، پاشان یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدەداتەوەو دەڵێ»بەڵێ دەمناسی. زۆر باشیش. هەموو دەماننناسی. مرۆڤێکی گەورەبوو. من ساڵانێک کوێربووم. ساڵانێک سواڵم دەکرد...“ دەستپێدەکات بۆ ئەو کابرایەی کە خۆی بەتوێژەر ناساندووە، چەندین کاتژمێر باسی من دەکات، بەڵام من کابرای پاڵتۆ لەبەری یەک چاوم نایەتەوە یاد.

سەرچاوە:

– کۆمەڵە چیرۆکی «اواز گوسفندها»



## مەهدی ڕەزایی

–لە ساڵی 1983 لە شاری تاران لەدایکبووە. یەکیکە لە نوسەرە نوێخوازەکان و بە سەبکێکی جیاواز دەنووسێت.

–ماوەی دە ساڵە سەرنوسەری گۆڤاری (ئەدەبیاتی داستانی چووکە) و بەڕێوەبەری سایتەکەشە.

– خاوەنی چەندین کاری ئەدەبی و چەند کتێبێکە.

تا ئێستا سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە:

1- کێ لە شێتەکان دەترسێ. ڕۆمان ساڵی 2010.

2- ڕۆژگاری لەبیرکراو ساڵی 2015.

3- ئاوازی مەڕەکان کورتە چیرۆک ساڵی 2015.

–چەند بەرهەمێکی دیکەشی بەمزوانە چاپدەکرێن.